# هەناسە گەرمەکانی شەو

خولیا حسێن
khulia3_1@yahoo.com
نۆڤێمبێر2007



شەو / ڕووت بوونەوەیە لە بەردەم ئاوێنەی
خەیاڵە خورماییەکانی ئەوین و
گیان بە بەردا کردنەوەی
هەموو ئەو نیگایانەیە
کە لە نێوانی من و تۆدا
بە بەرسیلە یی لە ناو چوون .
شەو/ دەست گرتنی ئومێدە ڕۆمانسیەکان و
پیاسەیەکی دوور و درێژە لە سەر
توولە ڕێگاکانی کاکێشان و
ڕووانینە لە داڕژانی ئەستێرەیەک و
خوێندنی دوعایەکی چاو تەڕە.
شەو/ گەڕانە بە دوای دەست و قاچی
بووکە شووشەکانی منداڵی و
سوورانەوەیە لە نێو بازنەی
کۆلانە داخراوەکانی هەرزەیی و
ئومێدی گێڕانەوەی چرکە بە چرکەی
ساتە بە هەدەر چووەکانی تەمەنە .
شەو/ ورووژاندنی شارە میروولەی
پرسیارە بێ ئامارەکانی ئەندێشەیە و
ئەبلەق بوونی چاوی
وەڵامە سڕبووەکانی هزرە.
شەو درێژ بوونەوەی
ڕێگا پێچاو پێچەکانی گومان و
گرگرتنی گوڵدانەکانی
ئارەزووە
لە بالکۆنەکانی تەنیاییدا .